## بەشی دووەمی پیرۆزبایی لە یادی سێ ساڵەی دەنگەکاندا

--------------------------------------------------

# بۆ سایتی ئازیز و فرە خۆشەویستی (( دەنگەکان )) سەنگەری ئازادی ڕادەربڕین.

---

سێ ساڵ تەمەنی کار و تێکۆشانی بێوچان و سەربەرزانەی (( دەنگەکان )) سێ ساڵ خزمەتی سادقانەی شەو و ڕۆژانەی (( دەنگەکان )) لە گشت بەڕێوە بەرانی (( دەنگەکان )) و لە هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانەی کە بۆ (( دەنگەکان )) دەنووسن و لە گشت ئەو خوێنەرانەی کە هاودڵ و هاوسۆزی دەنگی (( دەنگەکان ))ن ، پیرۆز بێت.

لە کاتێکدا گووتنی ڕاستییەکان بە لای داگیرکەرانی کوردستانەوە یاساغ و قاچاغ و مەمنووعە و لە چوارچێوەی ئەم حکومەتانەدا گورگ ئێشکی ویژدانە زیندووەکان ئەگرن و لە هەمانکاتیشدا و داخەکەم کەم یان زۆر لە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی حیزبەکانی کوردیدا ئاوێنە بۆ کوێر دائەنرێت. سایتە کوردییەکانی سەربەخۆی کوردی وەک ڕووناکیدەری دژ بە تاریکی، توانیویانە گەورەترین هەنگاوی پێویست لە ڕێگەی ئازادی قەڵەم و بۆ ڕۆشنکردنەوەی گشتی خەڵکی هەلبهێننەوە و ببنە هۆکاری زۆر گۆڕانکاری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە هەر کام لەوانە جێگەی ڕێز و حورمەتی گشتین.

(( دەنگەکان )) جیا لەوەی یەکێک لە ڕێبوارانی بە ئەمەک و پاکی ساحەی ڕاگەیاندنە جیهانییەکانی کوردییە، لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی پڕ لەشانازی خۆیدا نیشانی داوە کە سکۆی ئازادی ڕادەربڕینە و سایتێکی سەربەخۆیە و دوور لە دەستتێوەردانی مەقەست بەدەستانە و خۆشەویستی قەڵەم بە دەستانی بە توانا و گشت خەڵکییە و تێکەڵاوی بەرژەوەندییەکانی گشتییە. هیوای گشت لایەکیش ئەوەیە کە لە داهاتوویشدا ئەم سەربەرزی و خۆشەویستییە و ئەم سەنگەرە رووناکی بەخشە پڕ بە دڵ بپارێزین.

بەڵێ ، دەنگەکان بە کردەوە سەلماندی کە هاوشانی ڕۆشنبیرانێکە کە دونیایەک خەونیان لە کۆڵ ناوە و بە چاوێکی پڕ لە هیواوە دەڕواننە ئایەندە و ئاواتی سەرەکیشیان گەیشتن بە ژیانێکی باشترە بۆ ئینسان بە گشتی.

لەم یادەدا، جارێکی دیکەیش، پیرۆز بایی لە یەکە بە یەکەی بەڕێوەبەرانی (( دەنگەکان )) ئازیزان : ڕزگار عومەر ، سمکۆکەریم ، عەلی مەحمود محەمەد ، رزگارئاکرەیی ، کاوەحەسەن پیروت، عەبدوڵاسلێمان ، سامان سەعید و بە تایبەتی لە خۆشەویستان کاک گۆران عەبدوڵا و شلێر ڕەشید دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەربەرزی بۆ گشت لایەک دەخوازین

هەر بژین بە شادی .

لەگەڵ ڕێزی دووبارە . برا و هاوڕێی هاوسەنگەرتان :
محەمەدی کەریمی ـ نۆروێژ
2005 / 6 / 3

---

slaw Hawre Goran u Shaler xan

D e n g e k a n

la yadi 3 salay dast ba kar buni  seite jwanakatan peroz bay am rojtan lae akam hiwadaram
bardwam bn la kar kantan u har sarkuotw bn

har bjin

**twana**

3 juni 2005

---

**ئازیز گۆران عبدالله، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی دەنگەکان**

**ئازیزان، هاوکارانی ماڵپەڕ**

**سڵاوێگی گەرمو گەش، و ماندوو نەبن، دەستەکانتان ئەگوشم، باوەشێکی هاوڕێیانە.**

**پیرۆزبایی یادی سێ ساڵەی دەستبەکاربوونی ماڵەپەڕەکەتان لێ ئەکەم.**

**دوژمنانی ئازادی ناتوانن زمانە ئازادەکان ببەستن. ناتوانن دەنگی ڕەهای ئینسان بۆ ئازادی لە گەروودا بتاسێنن. بگرە ئەوە ئێمەین گرێکانیان پێ ئەکەینەوە، لە پێویستی گۆڕینی کۆمەڵگا کورت ناهێنین. "دەنگەکان" ئەتوانێ مینبەرێکی ئەم بوارە بێت. هیوام وایە برەودان بە دەنگی ئازادو ڕەخنەگرانە لە ڕەوتی باوی کۆمەڵگا هەمیشە جێیەکی پتەوتری ببێ لەم ماڵەپەڕەدا.**

**سەرکەوتووبن**

**جمال محسن**

**ئۆسلۆ**

03.06.2005

---

برای بەڕێز کاك / گۆران عبدوڵا
بەڕێزان / کارمەندانی ماڵپەڕی دەنگەکان .

پیرۆزبایی سێ هەم ســـــاڵیادی دەنگی بڵـندو بوێری ماڵپەڕەکەتان لێ دەکەم .
ئەوماڵپەرەی کە قەڵەمەئازادەکان ودەنگی هەقخوازانەی ڕۆشنبیرانی کورد دورلەخواست و ســـانســـۆری دەسەڵاتداران لەڕێگای پێشکەوتوترین تەکنەلۆژیای سەردەمەوە دەگەیەنن بە ئازادیخوازانی کورد لەسەرتاسەری دنیا .

ئێوەش کەبەشێکی زۆر لەکات و ژیانی بەنرخی خۆتان تەرخان کردوە بۆخزمەتی ڕۆشنبیری وگەیاندنی دەنگی ئازادیخوازانەی نوسەران و ڕۆشنبیرانی کورد ، ئەرکێکی هەرەگەورەوپیرۆزی سەرشانی خۆتان گەیاندۆتەلاپەڕەکانی مێژووی پرلەسەروەری لەخەباتی ڕەوای ئازادی ڕۆشنبیری دا.
من جارێکی دیکە پڕبەدڵ پیرۆزبایی ودەست خۆشانەتان لێ دەکەم و ئیوەش لەگەڵ ماڵپەڕەکەتاندا هەرتەمەن درێژ بن .

ئەبوبکر ئەحمەد ســـلێمان
هۆلـــندا

---

بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕی دەنگەکان/
سلاَوی شادی و بەختەوەریتان لێبێ. بە بۆنەی سێ ساڵ دەسبەکاربوونی "دەنگەکان"ەوە لە خزمەت بە ڕۆشنبیریی کوردی و خزمەت بە مرۆڤایەتیدا، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازم.
بێگومان ئێوە لە ماوەی سێ ساڵدا کە ڕۆژانە ئەم ماڵپەڕە تازە دەکەنەوە، خاوەنی کۆڵێک ماندووبوون و شەونخونین و ئەمەش لای نووسەران و خوێنەرانەوە، دەبێ بە چاوی ڕێز و ئەمەکداری تەماشا بکرێ.

سیروان کاروانی

03.06.2005

--------------------------------------------------------------------------------------------

barez u xosheuist kak Goran gian .

bmbure zutr nemtuani piroz baiy la ( dengekan ) bkam , ba rasti  take malpere ke le ser uasteki barz xoi selmandue .

her bjin bo xzmeti kurd u keshekey .

haubirt : **Aso** / Berlin

## پیرۆزبایی لەدەنگەکان

**بەبۆنەی یادی سێ ساڵەی دەستبەکاربوونی سایتی دەنگەکان پیرۆزبایی گەرم لەکاك گۆران وگشت هاووکارانی ستافی دەنگەکان دەکەم ماندووونەبوونی ودەست خۆشیتان لێدەکەم و تەندرووست ساغ بن...**

**سایتی دەنگەکان هەمیشە وەك سایتێکی بوێردەوری ڕۆژنامەگەری ئازادی بینیوە بۆهووشیار کردنەوەی کۆمەڵگاو تیشك خستنەسەردیاردە دزێوو بێفەڕەکانی کۆمەڵگا,هەمیشە بێ سانسۆر و سڵەمینەوە پەیامی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی گەیاندوە ,,بۆقسەکردن لەسەر کلتووره ڕزیو و پەژمووردەکانی کۆنە پەرستی و ڕەخنەگرتن لە گەندەڵی سیاسی و ئابووری . هەوڵەکانی سایتی دەنگەکان و سایتەکانی تری هاوشێوەی,, تێکۆشانە ڕووەو سەرپێخستنی دەسەڵاتی چوارەم ,بۆبەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی...دوبارە پیرۆزبایی و سڵاوو**

**فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا**

---

## پیرۆزبایی لە سایدی دەنگەکان

لە یادی 3 ساڵەی دەستبەکار بوونی سایدەکەتان دەستخۆشیتان لێدەکەین , تا ئێستا سایدەکەتان هاوکارێکی باشی ناوەندەکەمان بووە , متمانەمان بەوە هەیە داهاتوو لە ڕابردوو باشتر دەبێت , لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئەم سایدە بەڕێوە دەبەن بۆ ئێمە ناسراون و هەموو متمانەیەکمان پێیانە. خزمەتی زیاتری سایدەکەتان بە کێشەی هەڵەبجەو ئەنفال لەم ساڵ زیاتر بوو بە کردنەوەی ئەو فایلانەی ڕێکتان خست بۆ ئەو یاداوەرییانە .

هیوای تەمەن درێژیتان بۆ ئاواتە خوازین

سەرکەوتوو بن

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد–چاك**

germtrin slaw u jwantrin chepke guli behari

kurdistantan bo denerm
be rasti dengekan hawsengyeki bashi ragrtwe u
babetyane mamele legel roudaw u beserhat u helwestekan
dekat
hiwadarm le temeni chwaremyda
zyatr le grfti xelk bdwe
zyatr  grngi be biri demukrasi u mafi mrov bdat
zyatr marksism bo xzmety nasyonalism bekar bhene
her bzhin u serkewtoo bn

**Fuad Sdeeq**
kurdistan—hewler

---

## پیرۆزبایی

به ڕێز كاك گۆران.
پاش ڕێز و سڵاو.
پیرۆزبایی 3 ساڵه ی سایتی ( ده نگه كان) تان لێده كه م و سوپاسی ماندووبوونتان ده كه م. من وه ك خوێنه رێكی هه میشه یی ( ده نگه كان)، جوان بوون و باش بوونی سایته كه تان هه ست پێ ده كه م. به بڕوای من ئێستا ( ده نگه كان) له سایته باشه كوردیه كانه. من  هیچ ڕۆژێك ناتوانم ( ده نگه كان) و سایته كوردیه كانی تر نه خوێنمه وه.جار جاریش ئه گه ر بابه تێك یان ئاگادریه كم ناردبێت، دڵنیا بووم له بڵاوكردنه وه ی، چونكه ( ده نگه كان) هیچ سانسۆرێكی تیا نابینم.
دووباره ده ستان خۆش بێت و سه ركه وتن و به رده وامی ( ده نگه كان) ده خوازم.

شێرزاد خه راجیانی - سوید

---

slaw le ewe azizani be reweberani malperi dengekan

mn be bonei 3 sal teperin be ser be rewe brdni malpereketan hem piroz bai w hem des xoshitan le ekem le gel ewei hiwai berdewami w serkewtntan bo exwazm,dewr w nexshi ewe
le drwst krdni fezaieki azadane wrege xosh krdn bo derkewtni twaniekani her yek la nuseran
berz denrxenm,

le gel xoshewisti zorm bo yek be yeketan

**ahmad ali**






# پیرۆز

له ئێوەی بەڕێز... له خۆم .. له گشت ئەو مرۆڤه مرۆیانەی ئازادی و سەروەری مرۆیانەیان لا پیرۆزه ...له سالڕۆژی سیٚ ساڵەی خەباتی ( دەنگەکان ) ی ڕۆژنامەگەری کوردی وتەمەنی پڕ بڕشتی جەربەزیتان ساڵتان پیرۆز .. به هیوای ئەوەی شەقاوی داهاتووتان . داهاتوومان باستێلی بیری چەوسینەر و دیکتاتۆری سەدەکانی بەردینی ئاوزانی کورد بڕمینیٚ . ئەرکمانه . ئەرکی نەوەی نۆی کۆمەڵگایەکه که مرۆڤەکانی وەك ئاژەڵ مامەڵەی لەتەکدا دەکریٚ . سامانەکەی ( پترۆڵەکەی ) به تالآنی دەبریٚ خەبات بکات بۆ کەرامەتی نەتەوەیی و تیرکردنی برسییەکانی . دەنگ و توانا و دڵسۆزی ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی کورد لەم زەمەندا , دەنگی گۆڕانی زەمەنێکه کەپیویسته بگۆڕدرێت .

دەستی ماندو نەناستان بەڕیزەوە دەگۆشم تا ئەو ساتەی دەنگتان بۆ سەروەری مرۆڤی کورد بڵند بیٚ دەنگ و توانام له تەك دەنگ و تواناتاندایه و هاوڕێیەکی به ئەمەکی خەباتانم خۆشەویستی و ڕیٚزم پەسەند بکەن .

هاوڕێتان

جەزا چنگیانی

سان پیتڕسبۆڕگ 03/06/2005